





# له یادی شەهید مامۆستا عەبدواڵە ئارام و هاورێ یانی

پێی ناوێ بۆ شەهیدی وەتەن شیوەن و گرین

نامرن ئەوانەی واله دڵی میللەتدا دەژین

تازە بەفر و سەهۆڵ بەندان بەرۆکی زەوی بەردا بـوو، تـازە لاسـکی ناسکی گوڵ و گیا سەری لە بن خاك دەر هێنا بوو و خۆیان نیـشان خۆر دەدا، تازە کاری نەخشین و بەرخی خڕ و خۆڵ و گیا و گژی پـێ دەشتی یەك شـەوە ببـوە پێخۆریـان و لـە خۆشـی هـاتنی بـەهار و سەرهەڵدانی گیای بۆن خۆش سەرمەست ببون، لەو کاتـەی شـەنگە

بیری دڵخۆش بوون بە وەرزی بەهار و دەرکـەوتنیان بـۆ کـەژ و کێـو هەوارگە. لەو کاتەی بولبول و مەلی هەست ناسك بە ئاوازی بە سۆز و ئاهەنگی خۆش بە بەهاری رازاوە یـان هەڵـدەگوت و هـەرکام بـە ئاوازێك پیرۆزبایی نەورۆز و هاتنی وەرزی نوێ یان پێك دەگوت.

بەڵێ لەو رۆژانەدا کە خەڵك ئاسوودە و دڵ خۆش بوون بەوەی نەورۆز هات و لە رۆژی سیانزە هەمی بەهار بەری کردوەو هەر کەس بەفری دانێ سیانزە بەرد هیوادار بوون بەڵاو ئازارەکانیان لێ کەم ببێتەوە و لەگەڵ فڕێ دانی هەر بەردێك ئاواتیان بـوو دەسـەڵاتی سـتەمگەری ئاخوندەکانیان لە مڵ بێتەوەو ئازادی بو نیشتمان بگەرێتەوە. بـەڵێ لەو کاتانەدا، بەداخەوە، لە پێ دەشتی یەك شەوەی بۆکان، جارێکی تر پاسەوانان و جەلادان و خۆفرۆشانی تاریکی پەرست و دژمـن بـە ئازادی، نەورۆز و بەهاریان لە خەڵك و لە دەسـتەیێك پێـشمەرگەی ئەویندارى ئازادی و رزگاری کە نمونەی شەرەف و وەفـا و نیـشتمان پەروەری بوون شێواند و دەسـتەیێك پێـشمەرگە شـەهید دەکـەن و خـوێنی سـووریان لـە بەرزایی و پێ دەشتی ناوچەی بۆکان دەرێژن. بێ گومان خوێنی ئەو شەهیدە بە نرخانە لـە دێڕ دێڕی مێژووی خەباتی رزگاریخوازی گەلی کورد دەمێنێتەوە. بەتایەبەت، ئـەو دێـڕەی

که مامۆستای هەمیشه زیندوو بەنرخ مامۆستا عبداڵڵە ئارام که بـه خـوێنی خـۆی و لـه دوایین ساتەکانی ژیانیدا، له سەر بـەردێك لـه پـشتی یـەك شـەوە، نووسـی، (وریـا بـۆ کوردستان و خەبات) هیچ کات ناسڕێتەوە و ئەویندارانی ڕێبازی پیرۆزی سازمانی خەبات، تا گەیاندنی ئامانجی شەهیدانی یـەك شـەوە و تێکـڕای شـەهیدانی سـازمانی خـەبات و شەهیدانی کوردستان، درێژە بەو ڕێگە دەدەن.

ڕۆژی ١٦ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٦٠ی کۆچی خۆری، ئەو ڕۆژە کارەسات بارە بوو که لـه پێ دەشتی یەك شەوەدا، مامۆستا و سەرکردەی تێکۆشەری سازمانی خەبات، مامۆسـتا عەبداڵڵە ئارام و شەش کەس له کـادر و پێـشمەرگە تێکۆشـەرەکانی سـازمانی خـەبات، شەهیدان عوسمان عەبوو خەڵکی سێوەدینی بۆکان، شەهید ئیسماعیل سلێمانزادە خەڵکی ساردەکۆسانی گەورکی مەهاباد، شەهید سادقی زەندی (قانع) خەڵکی خمانەی شارباژێڕی کوردستانی عێراق، شەهید حسەین ساحەب نەزەر خەڵکی بۆکان، شەهید محمد ڕەسـووڵی خەڵکی شێنانی ناوچەی بانە، شەهید محمد خالید خەڵکی ناوچەی بۆکان.

یادی شەهیدان مامۆستا ئارام و شەهیدانی یەك شەوە، که گۆڕی پیرۆزیان که دێی ئینگی کەندە.

بەرز و بەرێز بێ و ڕێگەی پڕ له سەروەریان بەردەوام بێ.